

# پێنووسێک هەڵە ڕێنووسی و ڕێزمانییەکان دەستنیشان دەکات

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا گۆڕانکاری لە هەموو شـــتەکاندا هاتۆتە پێـــش و بەرەو دیجیتالی ڕۆیشـــتوونە، بەشـــی خوێندنەوە و فێربوون لەم جیهانە نوێیەدا پشـــکی شـــێری بەرکەوتووەو بە جۆرێك وای لێهاتووە کە تەنانەت بۆ نووسینی کورتەنامەیەکیش پەنا بۆ کۆمپیوتەر بەریت.

لەم ماوەیەدا پێنووسێکی نووسین کە لەلایەن کۆمپانیای ئەڵمانی Lernstift بەرهەم هاتووە دەتوانێت جووڵەی دەستی نووســەرەکە بناسێت و هەر کە وشـــەیەکی بە هەڵە نووسی بەهۆی لەرینەوە بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە کە ئەمە هەڵەیە.

پێنووسەکە بەهۆی سیســـتەمی وای-فایەوە لە مۆبایل یـــان کۆمپیوتـــەر پەیوەند دەدرێـــت و ئەوەی نووســـیوتە ئۆتۆماتیکی بۆ سەر کۆمپیوتەر یان مۆبایل دەگوازرێتەوە.

پێنووسەکە وزەی خۆی لە باترییەکی بچووك وەردەگرێت و نووکی قەڵەمەکەش دەگۆڕدرێـــت، قەڵەمەکە نەتەنیا هەڵە ڕێنووسییەکان بەڵکو ڕێزمانییەکانیش دەگرێت.

YAHOO! MAIL

## ئاگادارییەک لە یاهو ئیمێڵەوە

هەواڵێك لـــەم هەفتەیەدا لە یاهوو ئیمێلدا بڵاوکرایەوە کە دەکرێت هەم وەك هەواڵێکی دڵخۆشـــکەر و هـــەم وەك هەواڵێکی ناخۆش بۆ ئەوانەی کە ئیمێڵەکانیان ناکەنەوە سەیر بکرێت.

کۆمپانیـــای یاهـــوو ڕایگەیاند کە ئەو ئیمێلانـــەی کە زیاتر لە ســـاڵێکە نەکراونەتەوە ئیدی ئەو ئەدرەسانە دەسڕێنەوە و ئەدرەسەکە دەدرێن بە کەسانی دیکە، بۆ نموونە گەر ئیمێڵێك ئەدرەسەکەی ئاوا بێت sharvara@yahoo.com بێت و ســـاڵێك نەکرابێتەوە، ئیدی ئەو ئەدرەســـە دەســـڕێتەوە گەر یەکێك بیەوێت بەم ئەدرەسە ئیمێل دابنێت گرفتی بۆ نایەتەپێش. جگە لەوەش یاهوو خزمەتگوزارییەکی تایبەت بە ئازاد بوونی ئەدرەســـەکانی ئیمێل کردۆتەوە، بەکارهێنەر دەتوانێت سەر لەو بەشـــە بدات و چەند ئیمێڵێك هەڵبژێرێت، هەرکە ئیمێڵەکان ئازاد بوون دەکرێت تێیدا ناوی خۆت تۆمار بکەیت.



## ماتۆڕیش هەڵفڕی!

لـــە بابەتێکـــی تایبـــەت بـــە تەکنەلۆژیای نوێدا هەر لە بەشـــی ئایتی گۆڤاری گوڵاندا هەواڵێکمان سەبارەت بە چێکردنی پایســـکێلێك کە هەڵدەفڕی، یان ســـەیارەیەك کە لە فڕۆکە دەچـــوو بڵاوکردەوە، خەیاڵی بەرزەفڕی و فڕین بەرەو ئاســـمان وای لە مرۆڤ کردووە کە هەر لەســـەرەتاوە بیر لەوە بکاتەوە ئەو ئامێرانەی کە بە زەویشـــدا دەڕۆن لە ئاسمانەوە لێیان بخوڕێت، ئەمجارەیان ماتۆڕسکلێتیش بەرەو فڕین چوو، ماتۆرسکلیتی جۆری Bullet 1236 کە ماتۆڕێکە و 4 باڵی بچووك و گەورەی هەیە، دەتوانێـــت بە خێرایی 480 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا لە بەرزایی 30 ســـم لە زەوی بفڕێت. هەرچەندە ئێســـتاکە بەرزبوونەوەکە زۆر نییە، بـــەڵام ڕەنگە لەداهاتوودا وای لێبکرێت کـــە وەك فڕۆکە بەرزبێتەوە، بەڵام ئەم ماتۆرە بۆ کەســـانی ئاسایی نابێت، بەڵکو شـــۆفێرەکەی دەبێت ئەزموونێکی چەند ساڵەی لە لێخوڕینی ماتۆڕدا هەبێت.

# ئامێرێک بۆ هەڵگرتنی باتری

هەر ڕۆژە ئامێرێكی نوێی لاوەكی بۆ مۆبایلی ئایفۆن بەرهەم دێت، ئامێرێك كە ئەركەكانی ئایفۆن ئاسانتر دەكاتەوە، وەك كامێرای سێ ڕەهەندی بۆ ئایفۆن، ئامێری پزیشكی بۆ ئایفۆن، ئامێری گەیم بۆ ئایفۆن...تاد لەم دواییەدا ئامێرێك بۆ ئایفۆن بەرهەم هاتووە كە جگە لەوەی كە ئایفۆن شەحن دەكاتەوە و خۆی دەبێتە باترییەكی پشتیوانی واتە باترییەكی یەدەكی بۆ ئایفۆن. ئامێری Backup battery لە ڕاستیدا زۆر تایبەتە و لەگەڵ ئایفۆنی 4 و 5 دەگونجێت. هەروەك لە وێنەكەدا دیارە لە گۆشەیەكی ئامێرەكە كەلێنێك هەیە كە ئایفۆنەكەی تێدەخرێت. جگە لەوەش سێ دوگمەی هەیە كە هەركام ئەركێكی تایبەتی ئەنجام دەدەن بۆ ئەو كاتانەی كە مۆبایلەكە لە حاڵەتی mode دایە بەڵام نیازت هەیە وێنەی پێبگری.



## لەجیاتی دایک منداڵ دەنوێنێت و چیرۆکی بۆ دەخوێنێتەوە



چیرۆكەكانی بەر لەخەوتن ئەو دایكو باوكانە بۆ منداڵەكانیان دەڵێن كە دەیانەوێ لەم ڕێگایەوە منداڵەكانیان بنوێنن، بۆ منداڵی ساوا دایكان لالایە دەڵێن و بەڵام كە هەندێك گەورەتر بوو دەبێت لەبری لایەلایە چیرۆكی بۆ بڵێیت، داپیرەكانی ئێمە پێشووتر ئەو ئەركەیان ئەنجام دەدا، ئێستا ئەم ئەركەش بە ئامێر سپێردراوە.

كتێبی سیحری spark up ئامێرێكە كە لە سەر كتێب دادەنرێت و دایك و باوك دەتوانن هەر لاپەڕەیەك بە دەنگی خۆیان تۆمار بكەن و منداڵەكان كاتێك لاپەڕەكان هەڵدەدەنەوە بە دەنگی خۆیان دایك و باوكیان گوێ لە چیرۆكەكە بگرن.

كتێبە سیحرییەكە لە ڕاستیدا ئامێری ناسینەوەی وێنەیە لەگەڵ كامێرایەك و بە هەڵدانەوەی هەر لاپەڕەیەك دەنگی تایبەت بە لاپەڕەكە دەخوێنێتەوە. بەكارهێنەران كاتێك ئامێرەكەیان لەسەر كتێبەكە دانا بە جارێك خوێندنەوەی كتێبەكە دەنگی خۆیان تۆمار دەكەن.

## سایتێک بۆ ناساندنی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی سەردەم



سایتی www.engadget.com سایتێکە وەك کەشکۆڵی دەروێش دەچێت هەرچی دەڵێی تێیدایە، ئەوەی ئەمڕۆ بەرهەم بێت لەئامێرە دیجیتالییەکان لەو سایتەدا دەبیندرێت. نوێترین هەواڵەکانی پەیوەندیدار بەئامێرە تەکنەلۆژییەکان، ئەو هەواڵانەی تایبەتن بە مۆبایلە هۆشمەند و ناهۆشمەندەکان، تەبلێت و کۆمپیوتەر و کامێرای دیجیتالی لەم سایتەدا بدۆزەوە. هەرچەندە سایتەکە زۆر قەرەباڵغ دیارە، بەڵام کە شارەزای زمانی ئینگلیزی بی و ئۆگری داهێنانی نوێی دیجیتالی بی، هەرکە سەیری سایتەکە بکەی دەزانی چ سایتێکی بە سوودە. لە سەرووی لۆگۆی وێبسایتەکە، دەتوانیت شریتی بەدواداگەڕانیش ببینی و ئەوەی مەبەستتە هەڵیبژێری.

## ئاوێکی سازگار و خاوێن لەم ئامێرە بەدەست بێنە

زۆر لەمێژە زانایان پێشبینی دەکەن کە سەدەی بیست و یەك زیاتر سەدەی ئاو دەبێت تاکو سەدەی نەوت، واتە کێشەو گرفتە سیاسی و ئابوورییەکان زیاتر لەسەر ئاو دروست دەبن، چونکە ئاوی ژێرزەوی و ئاوی خاوێن پێدەچێت بەرەوکەمبوونەوە بچێت، ئیدی وەك رابردوو بەدەستهێنانی ئاو ئەوەندە ئاسان نابێت. هەر ئێستاکەش زۆر شاری گرنگی جیهان ناتوانن ئاوێکی خاوێن و سازگار بۆ خواردنەوەی هاوولاتییانی شارەکە دابین بکەن. لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا رەنگە هیچ شتێك ئەوەندە دژوار نەبێت و چارەسەر بۆ ئەم گرفتەش دۆزراوەتەوە، ئامێری Tyent 9000T دەتوانێت ئاوێکی پاك و خاوێن بۆ خواردنەوە دابین بکات.

کاتێك ئەو ئامێرە لەسەر شێرەی ماڵەوە یان لەشوێنی مزەخە دەبەستیت، ئامێرەکە گشت ماددەکانی ناپاك و ناتەندروست لە ئاوەکە دەپاڵێوێت و ئاوێکی وەك ئاوی چیا دابین دەکات. لەسەر شاشەکە شاشەیەکی لەمسی هەیە کە بەویستی بەکارهێنەرکەی رێکدەخرێت.



## تەنکترین شاشەی LCD لە جیهاندا

گەلێك جاران ئاماژەم بەوە کردووە کە تەنکترین یان باشترین، یان بەتواناترین ئامێری دیجیتالی بۆ هەمیشەیی نییە هەتا ئەوکاتەی کە کۆمپانیایەکی دیکە ئامێرێکی لەوە تەنکتر یان باشتر یان بەتواناتر بەرهەم دێنێ ئەو ناوبانگەی دەبێت، بەڵام لەم ماوەیەدا کۆمپانیای LG لە راستیدا تەنکترین شاشەی بەرهەم هێناوە. شاشەی تەنك لەم سەردەمەدا بۆ ئامێرە دیجیتالییەکان وەك خاڵێکی ئەرێنی و باش سەیر دەکرێت. شاشە تەنکەکەی LG کە تایبەتە بە مۆبایلە هۆشمەندەکان تەنیا 2.2 ئینج بارستایی هەیە، نازانم لەوە تەنکتر چی دەبێت، یانی بەقەد پەرەکاغەزێك.



## شەحنی مۆبایل و ت



# میدیا پلەیەرێک بە کوالیتی K4 فیلم نیشان دەدات

کۆمپانیـــای نانۆتیـــك ئامێرێکـــی میدیاپلەیـــەری بەرهەمهێناوە بەناوی Nuvola NP-1 کە توانای خوێندنەوەی پرۆگرامەکانی ئەندرۆیدی هەیـــە و دەتوانێت فایلەکان بە کوالیتی K4 ultra HD نیشان بدات.

میدیاپلەیەری ناوبراو 2 گیگابایت رامەکەیەتی و هاردی ناوخۆی 16 گیگابایتە. جگە لەوەش بلوتوس و وای-فای هەیـــە. بە هۆی ریمۆت کۆنترۆڵێکەوە دەتوانرێت لە دوورەوە کۆنترۆڵ بکرێت.



# پرۆگرامێک مۆبایلەکانتان لە دزران دەپارێزێت

مۆبایل کە بەتایبەتی مۆبایلە ژیرۆکەکان کە زۆربەی ئەرکـــی رۆژانەی بەکارهێنەران رادەپەڕێنن وەك پێویســـتییەکی ژیان ســـەیر دەکرێن، بەڵام بەهۆی ئـــەوەی کە قەبارەی ئامێـــرەکان بچووکـــە و زۆر بەکاردەهێنرێن، ئەگەری ونبوون و دزرانیشیان زۆرە.

کۆمپانیـــای تەکنەلۆژی کوبیك هیل لەم رۆژانەدا پرۆگرامێکی گرنگ و بەسوودی بەرهەمهێناوە بەنـــاوی mobile security و کە چەندین ئەرك ئەنجـــام دەدات، وەك دژە ڤایرۆس، داخستنی پەیوەندییەکان، داخستنی کورتەپەیام و گرنگترینیشـــان پاراســـتنیانە لـــە دزی و پارێزگاریکردن لـــەو داتایانەی کەتێیدا هەڵگیـــردراون. تایبەتمەندی anti-theft واتە دژی دزی ئەو شوێنە دەدۆزێتەوە کە مۆبایلەکەی لێیە، دیـــارە بەو مەرجەی کە مۆبایلەکە پەیوەندی لەگەڵ ئینتەرنێتدا هەبێـــت، لەکاتی پێویستیشـــدا دەکرێت هەر لەرێـــگای دوورەوە زانیارییەکانـــی ســـەر مۆبایلەکە دابخەیت یان بیسڕیەوە.





# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکـــی بەڕێز دەپرســـێت ئێســـتاکە مۆبایلە هۆشمەندەکان زۆر بوونە لە ســـەر زۆربەشـــیان سیســـتەمی ئەندرۆید هەیە، ئایا چـــۆن دەکرێت ئەگـــەر لە یەکێك لەو مۆبایلانە پاسۆرد واتە کۆدی نهێنی داندرابێت و پاشان پاسۆردەکە لەبیرچوبێتەوە، بتوانیت پاسۆردەکە لابەری؟

خوێنەری بەڕێز لە سیستەمی ئەندرۆیـــدا ئیمکاناتی زۆر هەیە، یەکێك لەوانە کە بـــە زۆری لەوە ســـوود وەردەگـــرن Pattern، ئەوەی لە نۆ خاڵی ســـێ لەســـەر ســـێ پێکهاتووە. ئەگەر ئەویشت لەبیرچووبوو ئـــەوە داوای کۆدی نهێنی دەکات کە پێشـــتر لەکاتی دانانـــی Patternدا دابووتـــێ، ئەگەر ئەویشت لەبیرچووبۆوە ئەوە دەتوانیت بچیە سەر ئەکاونتەکەی خۆت کـــە لـــە Gmail دا بۆت داناوە، ئاگادار بن هەموو ئەوانەی کە سیستەمی ئەندرۆیدیان هەیە، ئەکاونتەکـــەی خۆیان لە Gmail دا ئەکتیـــڤ بکەن، ئەوکات هیچ گرفتێکیان بۆ نایەتە پێش.

# هەبلێت بە هیدفۆن

هیدفۆن واتە (سماعە)ی یان بەو واتا کوردییەی کە بۆ داتاشـــراوە (بیستۆك). ئەوەیـــە کە بۆ ئەوەی کێشـــەی دەنگ بۆ کەسانی شـــوێنی کار نەیەنە پێش و ئازاریان نەدیـــت و هەروەها بۆ ئەوەی کە خۆت باشـــتر گوێت لەو دەنگە بێت کە هیدفۆنەکە بڵاوی دەکاتەوە. هیدفۆن بەهۆی وایەرەوە یان بەبێ وایەر لە ئامێرەکانی بڵاوکەرەوەی دەنگ و رەنـــگ پەیوەند دەدرێن، ئەرکی هیدفـــۆن هـــەر ئەوەیە کـــە ئاماژەم پێدا، بـــەڵام ئەم هیدفۆنـــەی لەم وێنەیەدا دەبینن ئەرکی هەر ئەوە نییە، ئەو هیدفۆنە جگە لـــەوەی دەنگ بڵاو دەکاتەوە ئامێرە دیجیتالییەکانی وەك مۆبایل و تەبلێت شەحن دەکاتەوە، هیدفۆنەکـــە پەنێلێکی وەرگـــری وزەی خۆری هەیە و بەهۆیەوە ئامێرە دیجیتالییەکان شەحن دەبنەوە.